فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی.. گەرت هێندریش.. کاوە جەلال لە ئەمانییەوە

نوپلاتۆنییەکانی مەزنکانی خەرهەمات ئیبن سینا

دوای هووخانی خەلافەتکەی بەغداد چەند دەوڵەتکی ئەتنەم لە خەرهەمات سەریانهەدا. ئەستا ئەم دەوڵەتانە بە پێچوانەوە سیاسەتی دەسەڵاتخوازییان ئاڕاستەی وڵاتانی ئەرەبی کرد و لە لایەنی خیانەوە کاریگەریی کولتووریان لەسەر نواندن. گومانی تێدا نییە کە پێشبینییەکانی فارابی لەمەڕ دەوڵەت سەرئەنجامی گەردوونناسی و ئیشاتلەگییە نوپلاتۆنییەکەی بوون، وەلە هاوکات پەرچەکردار بوون لەسەر داوخانی جیهانێکی مسۆگەرکراو، هەروەها گوزارشتی هیوا بوون بە نەهێشتنی تەنگژەیەکی جڤاکی. لەرەدا یوتۆپیای فارابی بە جڤاکێک هووی دەکردە زاڵبوون بەسەر جیهانێتیدا، زاڵبوونکەش دەبوو بە خودی کۆتوار دەستپێبکات و بەتوندی گرەدرابوو بە ئاوەزی مرۆڤەوە. ئیبن سینا، فەیلەسوفە مەزنکەی دیکەی جیهانی ئیسلامی، بیرکە بناغەییەکانی فارابیی لای خێی پاراست، وەلە پرسی دیکەی کرد بە چەقی کارەکانی. هزری ئەم لە لایەک پتر لە کردەکێتیی ژیانی مرۆڤەوە ئاڕاستە وەردەگرەت، وەلە هاوکات (یان هەنگە بەتایبەتی بەو هەیەوە) لەبەر ئەوەی زەینی مرۆڤ بە جیهانی ماتریەوە ئاڕاوە، ئەوا هەگەی زەین تەنیا مەسەلەی هاسیەنالێتی نییە، بەکو هاوکات مەسەلەی هەوانە. ئیبن سینا دەنووسێت: "مەبەستی فەلسەفە ئەویە کە سروشتی هاستینەی سەرجەم شتەکان تا هادەی توانستی ناسینی خێی بناسێت" (Watt/Marmura 1985, 320)، وەلە ئەمە هاوکات چە داکەکیەی لە مەئریفەی ئاوەز و چە ئاماژەیە بە بەوای ئیبن سینا کە "بەدیهەنانی دانایی" تەنیا مەسەلەی فەلسەفەی هاسیەنال نییە.

ژیانی ئیبن سینا

ئەبو ئەلی ئەلحوسەین ئیبن ئەبدوڵا ئیبن سینا ساڵی 980 لە نزیکی بوخارا لە ئوزبەکستانی ئەمڕە هاتە جیهانەوە. ئەو دەمە لە بوخارا خانەوادەی سامانییەکان حوکمڕان بوو و سەردەمکی گەشانەوەی ئابووری و کولتووریان بە ئەو وڵاتە دەستبەر کرد. پەدەچێت باوکی

ئیبن سینا کە فەرمانبەرێکی پلەبالا بوو، هێندە دوور نەبوو کە ئیدی توانیبێتی دەرفەتی پێگەیاندنێکی فەرگەیانەی گشتگیر لای مامۆستایانی تایبەت (پریڤات) بە کۆکەی بەخسنێت، لەم ڕووتەشدا بەهرەمەندیی نائاسایی ئەو زارەکە ئاشکرا بوو: لە تەمەنی سیازدە ساڵاندا جگە لە قورئان و حەدیسەکان زۆر بەرهەمی گرنگی ئەدەب و زانستی دەناسی. گەر ژیانی فارابی وەک ژیانی دانایەکی ڕوو لە جیهان وەرگەڕاو دابێژرێت، ئەوا لە ژیاننامەی ئیبن سینادا شاردنەوەیەک هەیە کە جەختکردنە لە بلیمەتیی ئەو، لەڕشدا مرۆڤ ئیالەکە لە ئۆگەری دیارنەماندایە. لەوەدا گەلەک شتی پەرجوویی شیاوی خوێندنەوەن، بە نموونە لە بارەی شارەزایی گشتگیر و برستیی ئەو بە زانین، یان ئەو وەک خەڤێرکەر (ئەتەدیداکت) کە لە توانایدایە تەنانەت کار لە ئاڵۆزترینی بابەتەکاندا بکات. ئیبن سینا خۆی لە ئەفسانەی ئەو زارەکە پەرجوویی و بلیمەتە گشتلایەنەدا بەشداریی کرد. ئەو کە زۆر چاک لە بەهای ڕاستینەی خۆی و پێگەکەی بەئاگا بوو، ئەتەبیگرافییەکی نووسی و تێیدا وەک شایانی خۆی ئاماژەی بە بەهرە نائاساییەکانی دا. سەرباری ئەوە، بە گەتەی خۆی، لە ئەرکەکەدا شکستی هێنا: گەرچی وای دادەنا کە مێتافیزیکی ئەریستۆتەلیسی دەرخ کردبێت، کەچی سەرباری ئەوە وەک مێتۆک لای مایەوە تا ئەو ڕۆژە کە ڕاڤەکردنەکەی (شەرحەکەی) فارابیی خوێندەوە. فارابی لە خۆڕا تەنانەت لە سەردەمی ژیانیدا نازناوی "مامۆستای دووەم"ی هەنگرتبوو. دوای ئەریستۆتەلیس ("مامۆستای یەکەم") بە نەوەندیار و تەواوکەری فەلسەفەی ئەنتیکە دادەنرا. فەلسەفەی فارابی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئیبن سینا نواند و هەوەڵی دا بیخاتە پێوەندییەوە لەتەک شارەزاییە زانستی-سروشتی و پزیشکییەکانی خۆیدا.

هەروەها هەڤاڵتییەکەی لەتەک ئەلبیرونیدا (973-1048)، کە زانایەکی گشتلایەن و حەوت ساڵ لە خۆی بەتەمەنتر بوو، دگەڵتەوە بە سەردەمی لاوەتییەکەی. نامەگۆینەوەکەی نەوانیان لە بارەی پرسیارەکانی فیزیک و ئەستێرەناسی و گەردوونناسی بریتییە لە بەگەنامەیەکی مەزنی مێژووی گشتگیری زانستەکان. وەلە هەر لەو نامەگۆینەوەیەدا شەوێکی گرژیی دیالەکتیکی خویادبێت کە بە هزری ئیبن سینا زۆر گرنگە: ئەلبیرونی گرنگی بە سەرئەنجام و ڕاڤەکردنی زانستی ئەمپیری دەدات، لەڕشدا گوماندارە بەرانبەر چەنێتیی بەرگریکردنی ئیبن سینا لە هزری ئەریستۆتەلیس، بەتایبەتیش گومانی هەیە لە سپەکولاسیۆنی نۆپلاتۆنیانەی ئەم فەیلەسوفە. بەیە ئەلبیرونی لەچاو ئیبن سینادا نزیکترە لە سەرئەنجامەکانی زانستی مەدەرن، وەلە هاوکات نزیکتریشە لە هەوەستەکانی ئەقیدەگەریی

ئایینی، بە پێچەوانەشەوە هزری ئیبن سینا، جا گەرچی لە ڕووی زانستی سروشتییەوە هەڵەبێت، سەرباری ئەوە وەک سپێکولاسیۆنی فەلسەفەیی و بەتایبەتی لە ئەدگارە نوپلاتۆنییەکەیدا زۆر لە هزری ئەو ڕادیکاڵتر. بەم جۆرەوە هزری ئیبن سینا ڕوانگەی نوێ ئاوەڕادەکات نەک تەنیا لە ڕووی سەبژەکتی تیۆری-مەعریفەوە، بەڵکو بە مەرجێش لە هەوڵەستیدا سەبارەت بە ڕەکخراوی جیهان و خودا. بە نموونە ئاڵبیرونی ئاماژە بە ئەو دەدات کە دەشێت لە چەنتیی چیاکانەوە دەربئەنجامێنرێت کە ئەوان دروست بوون، بەیە تەوانینی ئەیستەتلیس لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی "لێبارەی ئاسمان" (De Caelo) کە جەخت لە ئەزەلییەتی جیهان دەکات، دەبێت هەڵە بێت. ئەوجا چەند ئەمە ڕاستە، ئەوەندەش دەرئەنجامگیرییە لێوە دەرکەشراوەکەی جێی پرسیارە کە دەبژێت دروستبوویی ڕووبەری زەوی دەرفەتمان پێدەدات ئافراندنی خودایی دەربئەنجامێنین. ئیبن سینا پێیوانەند بەو تەوانینەوە بەهەژیوی پەرچەکردار دەنوێنێت: "تە گەرەکە بزانیت، کاتێک ئەیستەتلیس دەبژێت کە جیهان هیچ سەرەتایەکی نییە، بە هیچ شێوەیەک مەبەستی لێوە نییە کە جیهان ئافرێنەرێکی نەبێت، بە پێچەوانەوە دەیەوێت ئافرێنەری جیهان لە هەر ناچالاکییەک تەبریە بکات" (لە: al-Biruni 1991, 50). کەواتە ئەزەلییەتی جیهان دژبژێری هەبوونی خودا نییە، بەڵکو ئاماژەیە بە ئەوە کە بوونی خودا زۆرووریە (essentiell)، ئەوە کاتێک ناتوانین ئەوها لێبارەی جیهان ببژێین. بە سڵماندنی خودا زۆرتر لەوە پێویستە کە تەنیا ئاماژە بە لەرەبوونی جیهان بدرێت.

ناوبانگی ئیبن سینا بە پلەی یەکەم دەگەڕایەوە بۆ ناسنراویی ئەو وەک پزیشک، کەمتر وەک مامۆستای فەلسەفە. ئەوجا ناوبانگی بەناوبووەوە، چونکە بەهەی ئاڵانییەوە لە ناکۆکییە سیاسییەکانی سەردەمەکەی لە زۆر ناوچەی جیاواز کاری کرد. سیاسەت بۆ ئەو کەمتر لە فارابی گرنگییەکی تیۆریانەی هەبوو، بەڵکو گرنگییەکەی پراکتیکیی بوو: ئەمە لەتەک ئیبن سینادا بۆ فیلسوفێک دەگەین کە دەیخواست نزیک بێت لە دەسەڵات. ناوبانگی ئەو وەک هزرڤان و شرۆڤەکار، زانینی گشتگیر و زرنگیی مەزنی لە پزیشکیدا، کردیان بە ئاوێزکاری نموونەیی و پزیشکی تایبەت لای گەلێک دەسەڵاتداری سەردەمەکەی. ئەو چەند ساڵێکی درێژخایەنی ژیانی وەک وەزیر و ئاوێزکار و پزیشکی تایبەت لە کۆشکوسەرای جیاوازی میراندا بەسەر برد، لەم کاتانەشدا بەردەوام تووشی پیلانگێڕییەکانی دەسەڵات دەبوو کە ناچاری هەڵاتن و دەربەدەریان دەکرد، پاشان سەرلەنوێ ڕزپێدراوانە لای میرێکی دی پەگەی پێدەدرایەوە. لەم ڕوانگەیەوە ژیانی ئیبن سینا وێنەدانەوەی مێژووی سەردەمەکەیەتی: ڕووخانی

دەوڵەتی سامانییەکان و باڵادەستبوونی غەزنەویییەکان، سەرهەڵدانی ڕێزەیەک میرنشینی ناوچەیی و شکستی بەردەوام لەسەر باڵادەستی، ناچاریان کرد ژیانێکی بەئەقڵی کۆچەریانە بەڕووبەرات و بچڕتە خزمەتی گەلێک دەسەڵاتدارەوە، هەر ئەم خزمەتەش زەر جار بەی بوو بە مایەی مەترسی لەسەر ژیان و چەند جارێکیش فەرمانڕەوایی نوو زیندانەوە. ئەو لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا چووە خزمەتی دەسەڵاتدارێکەی ئەسفەهانەوە بەناوی عەلائەدەولە – وەک پزیشکی تایبەت و بەڕووبەری بیمارستانێکەی (نەخۆشخانەکەی) ئەوە. ئیبن سینا ساڵی 1037، کاتێک یاوەریی میری لە لەشکرکێشییەکیدا بۆ سەر هەمەدان کرد، جیهانی بەجێهێشت.

ئیبن سینا دوای مردنی پتر لە سەد کتێبی بەجێهێشت و هەندێکیان زەر خەڕا بەفراوانی باوبوونەوە. سەرەتا گرنگی ناوی کارە پزیشکییەکان بەرین، چونکە بەبێ ئەم نووسینانە بەزەحمەت بشکی گرنگی مێژووی زانین لە چەرخی نێفیندا لێتێدەگەین. لە چەرخی نێفیندا، بەتایبەتیش لە ئەوروپای کریستیانیدا، ئاستی شارەزایی پزیشکی تەقنەرانە نزم بوو. ئەقیدەگەریی ئایینی وای دادەنا کە پزیشکی تەکوشانی زانستی نییە، چونکە گیانا لە کرێکی نەخشی نەدەهزری وەک هەقیقەتێکی نوو پلانی خودی ئافراندن، بەکو دەیویست هەسوڕاندنی قەدەری مرۆڤ لە خودای مەزن بسەنێت. بە نموونە کەسێی کاتۆلیکی ماوەیەکی درێژخایەن بوو شۆوەیە ئەرگومێنتی دەهێنایەوە – ئەم درەنگتر بە هەمان شێوە لە ئیسلامیشدا هاتە نوانەوە، لەر "پزیشکیی پەیامهێن" دەیویست تەنیا پشت بە ئامێژگارییەکانی قورئان و حەدیس ببەستێت کە تا ئادەیەک کەمبەها و تا ئادەیەکی دیکە ئاللۆگەریانە بوون. یاخود تەنیا کاتێک پزیشکی بە زانستێکی جددی دادەنرا، گەر پشتی بە "ئەتەرێتی" یە ناسنراوەکان ببەستایە کە دانایییان گەرەنتیی بە تێگەیشتن لە کرێکی شتەکان دەدا، ئەم ئەتەرێتییانەش سەرەتا نووسرانی لەکەینەوە پزیشکییەکانی ئەنتیکە بوون، بە نموونە هیپۆکراتس، گالن یان پلینیوس، ئەوجا درەنگتر نووسرانی دیکەیان درانە پاڵ: لە چەرخی نێفینی لاتینیشدا بەتایبەتی کارەکانی نووسرانی ئیسلامی بەهەند وەرگیران. وەلە هیچ کتێبێک خێی نەدا لە شانی ئەو واتایە کە "کانۆنی پزیشکی" یەکێی ئیبن سینا پێی گەیشت. کتێبەکە تا نوو سەدێی حەڤدەیەم لەپاڵ نووسرە کلاسیکییەکانی ئەنتیکەدا بناغەی پێگەیاندنی پزیشکان بوو لە ئەوروپا، زەر زیاتر لە لەکەینەوەکانی ئەلازی کە بە هەمان شێوە بەناوبانگ بوون. ناوبانگی ئیبن سینا وەک پزیشک کاریگەرییەکی ئەوتۆشی نواند کە شێوەی بەلاتینیکردنی ناوەکێی (واتا ئاڤسینا) تا ئەڕە باوتر بێت لە ناوی ئاستینێی خێی. خزمەتی مەزنی ئیبن سینا

لەوەدا بوو کە ئەو لەپاڵ بەهندەوەرگرتنی ئەتەرتیبیکاندا زۆر مائریفەی ئەمپیریی خستە سەر زانینی پزیشکییانەی سەردەمکەی. ئەم کراوەییە بەرانبەر زانستی ئەزموون و قەدەرگرتنی، پێوەندییەکی بە هزری فەلسەفیی ئیبن سیناوە هەیە.

مەتافیزیک

ئیبن سینا، ئاڕاستەوەرگرتوو لە فارابییەوە، هاوشێوەی ئەو مەتافیزیک بە زانستی بوونەوەر دادەنێت، بەڵام تەنانەت پێشبینیی ئەو بە ڕەکخراوی بوون فارابیانەیە، هێندە نابێت کە سەرلەنوێ ئەزموونی نەخشەی ژانی نوپلاتۆنیزمەکەی فارابی دەکاتەوە، لەڕشدا یەک-ی (ئەلئەحەدی – و) هەرە سەرەتایی پلەتین هاوتا دادەنێت بە "یەکەم هۆکار"ەکەی ئەریستەتالیس و بە خودای سروشی قورئان. بۆگومان لای ئیبن سیناش مائریفەی ئاوەز پێشتریی لە ڕاستیی پێتیی ئیمان هەیە. وەلە ئەم ئاستا لە ڕاڤەکردنی دەروونەدا، دەروون بەڵگەوە ڕووەو مائریفەی خودا، ڕۆگەیەکی خێیی دەگرێتە بەر. مەتافیزیک، کە ئیبن سینا لە کارە سەرەکییە فەلسەفییەکێیدا بە ناونیشانی "کیتاب ئەلشیفا" ("کتێبەک لەبارەی شیفا") گەڕانی پەدەدات، زانستی بوونەوەرە بۆگشتی. تەنیا خودا دەشێت بوونی پێتی بێت، چونکە تەنیا خودا زەروورییە نەک شیمانەیی / بەڵکوت، ئەزەلییە نەک سێیرورەیی، یەکە نەک زەرەتی. کەواتە مەتافیزیک خێ بە زانستی مائریفەی خۆاوە خەریک دەکات. لەڕدا ناونیشانی نووسینەکە سەرنجاکێشە: "ئەلشیفا"، هەر لەمشدایە جیاوازییەکە لە دابی تا ئێستاکانەی نوپلاتۆنیزم. فەلسەفە، بەتایبەتی لە بەشە شایانەکێیدا کە مەتافیزیکە و لە ڕوانگەی ئەریستەتالیسەوە گەرەکە خێ بە "دوایمین شتەکان"ەوە خەریک بکات، بە ئیبن سینا شیفایە / چاکبوونەوەیە لە هەڵە زیانبەخشەکان، هەروەک چۆن پزیشکی چاکبوونەوەیە لە کاریگەرییە زیانبەخشەکان لەسەر لەش. هەش و دەروون لە لایەک، لەڕبوونی لەشکی لە لایەکی دی، بەزەرووری پێکەوە بەندن، بۆیە هەرگیز چاکبوونەوەی یەکێکیان بەبێ چاکبوونەوەی ئەویدیکێیان بەتەواوی بەدینا هەنرێت. بەم تەڕوانینە، وەک چۆن ئەمەڵ دەتوانین ببڕێین، تەنیا مەبەست لە پزیشکییەکی "سەرجەمیانە" نییە، بەڵکو هەروەها بەتایبەتی گەتیەکی گرنگمان لەبارەی پێوەندیی بوونی پێتی بە جیهانی ماتەریییەوە هەیە.

ئەریستەتالیس کەرەسەی پێناسەکردبوو وەک لە-شیمانەدا-بوونی پێتی کە ناچالاکانە / پاسیڤانە فەرم وەردەگرێت، فەرمیش لە لایەنی خێیەوە هەی کارایە (causa efficiens -و)، هەروەها وەک فەرمی پێتی، تەواو

بەدەر لە کەرەسە، هزری پەتیی خودایە. نوپلاتۆنییەکان هاوڕیان دا بە نەخشەی ژان (ئەماناسیۆن) وەک ئاماژەی ئاو پرسیارە بدۆزنەوە کە داخە چۆن کەرەسەی بەدەروون و بەهەش بە فۆرم بگات. لە بوونی پەتیی خوداوە زینی پەتی دەژێت، وەلە زینی پەتی بە پێچەوانەی بوونی پەتیی خوداوە کە یەکە، زەرەتی لە خۆ دەگرێت. ئاوجا ئیدی پرسەی ژان پلە بە پلە بەردەوام دەبێت تا ئاستێک کە ئیدی کەرەسەی بەشکەوتی فرەجۆر کەمترین بەشی لە زینی فەرمدەری پەتیدا هەیە، واتا جیهانی ماتەری کە ئەمە تێیدا دەژین. ئیبن سیناش درێژە بەم پرنسیپە دەدات، وەلە ئەم ئاماژە بە زەرورەە دەدات: کەرەسە بەزەرووری لە هەر پلەیەکی ژاندا گرەدراوە بە هەی کاراوە. ئاخر ئایا بە چ شێوەکاوە کەرەسە کە ئەمە لە کاتدا وەک بگۆ و فانی ئەزموونی دەکەین، بە بوونی خۆی دەگات؟

وەلە گەر ئەمە تەنیا لە ڕیزی پلەکانی نەخشەی ژاندا بهزرێین، ئاوا دەبێت کەرەسە لە کاتێکی دیاریکراودا شیمانەی پەتی بێت و ئەمەش چیدی نەتوانین ئەزموونی بکەین، چونکە بە ئەزموونکردنی ئاوەکەیەک دەبێت ئاوەکەیەکی شیاوی ئەزموونکردن لەگۆ بێت، کەواتە کەرەسەیەک کە فۆرمێکی هەیە، کە بوونەوەرێکە. "هەر شتێک کە وەک نوە سەرهەدەدات، لە خۆیدا پێش سەرهەدانی شیمانەیە بە لەڕبوون یان نەشیاوە بە ئاوە" (Avicenna 1960, 269). کەواتە دەبێت لە زنجیرەی هەکاندا ئاوەکەیەک هەبێت کە پابەندیی نەویەکیانەی فۆرم و کەرەسە بەزەرووری دەهەنێتە ئاراوە:

"هەر یەکێکی ئەم پرنسیپانە (کەرەسە و فۆرمی کرێکی) لە هەر ڕووەکی دیاریکراوەوە، هەروەها پێوەند بە کێتوارێکی دیاریکراوەوە نێک لە هەمان ڕووەوە، هەیە بە ئاویدیکیان. گەر ئەمە ئاوها نەبایە، ئاوسا بە هیچ شێوازێک فۆرمی کرێکیانەی ماتەریەل پابەندیەکی زەرووریی بە ماتەریەوە نەدەبوو." (Ebd., 600)

ئەمە، وەک ئیبن سینا دەبێژێت، هیچی دیکە نیە جگە لە بوونەوەر-زەرووری کە خودایە. خودا بوونی پەتی و زەرووری پەتییە، لەنەو کەرەسەشدا ئامادەیە، ئاوە بگومان بەشی پکاوگرەدراویی زەرووریانەی کەرەسە و فۆرمە. کەواتە گەردوون لەم گرەدراوییە زەرووریانە پکدێت. ئاوجا لەبەر ئاوەی گرەدراوییەکان هاوکات لەتێک خودادا کە ئاوانی خستووەتاوە، لەگۆن، ئاوا دەبێت هاوشێوەی خودا ئەزەلی بن. کەواتە، لەگیکیانە، جیهان و کەرەسە لە ئەزەلاوە هەن.

ئاسیۆنالیتی و ئینتوئیسیۆن

ئەو تێڕوانینە واتایەکی ئەوتۆ بە هۆشی مرۆڤ دەگەیەنێت کە گەردوونیش دەبێت بە بابەتی مۆرکی ئیمە، بەگومان نەک تەنیا لە ڕووی مۆرکی تاکە هەر و تاکە بوونەوەرانەوە، بەڵکو هەروەها لە ڕووی مۆرکی بوونەوەرە-زیندووریەوە، کەواتە خودا. "چاکبوونەوە" کە پرسی مێتافیزیکی ئیبن سینایە، شیمانەی زەینی مرۆڤ بە مۆرکی خودا، ئاخر گەرچی خودا ترانسسێندێنتە، سەرباری ئەوە هاوکات نەوکیانە (بۆئیمانێنت) لە فەرمە پابەندکانی کەرسەدا دەدروشتەوە. با ئەو پرسە وەلاوبنێین کە داخە بشێت ئەم فەلسەفەیە بە "ماتریالیستی" و "پانتایستی" دابنرێت، وەک چۆن ئێنسست بلۆخ کردوویەتی (بڕوانە Bloch 1972). بە هەر حاڵ ئەم فەلسەفەیە بناغەیەکە بە ئەو هەوڵەی میستیکەکی فەلسەفەیی لەنەو ئیسلامدا کە خەی بە ئیبن سیناوە گرێ دەدات و دەیەوێت بەسەر ڕێگەی مۆرکیەدا بگات بە ئازادکردنی دەروون لە "دیلەتی"ی ئەمدنیایانەی، کەواتە هەوڵەکە بە یەکخستنی نەزەری میستیکییانەی خودا و ئاسیۆنالیزمی فەلسەفەیی، پێویستییەکەش بە ئاشکراکردنی زەرورەی لێگیکیەکان بە مۆرکی خودا دەگات. ئیبن سینا ڕێگەیەکی بەم چەشنەی مۆرکیە لە چیرۆکی ئاللەگۆریانەی "حەی ئیبن یەقزان" (زیندووی کوڕی بێدار)دا دادەڕێژێت. چیرۆکخوانێک دەیگێڕێتەوە کە لە گەشتێکدا بەنێو وەتانی ئەندەشەییدا زیندەوەرانی جیاواز دەناسێت. هەریەکەی زیندەوەرەکان هەمایە بە پلەکانی ڕێکخراوی گەردوونی و ڕێگەی مۆرکیەی مرۆڤ. درەنگتر فەیلەسوف ئیبن توفەیل لە ئەندەلوسی ئیسپانیا ناونیشانێکەی بە چیرۆکێکی خەیی وەرگرت کە زۆر زیاتر لەوەی ئیبن سینا بە ناوبانگ گەیشت. لە ئاللەگۆرییەکەی ئیبن سینادا، وەلێ بەهەزتر لە دووەم کاری فەلسەفەیی ی سەرەکیی ئەودا بە ناونیشانی "ئاڵئیشارات وەلتەنبیهات"، نەزەری ئینتوئیتیق / حەدەسییانە دێتە پاڵ مۆرکیەی فەلسەفەیی ی ئاسیۆنالی جیهان و خودا. بەگومان نەزەری حەدەسییانە نەک تەنیا لەڕوانینێکی نا-ئاسیۆنالە لە قووڵبوونەوە و زوهدەوە، وەک چۆن لای سۆفیە ئیسلامییەکان دەیبینین، بەڵکو زۆرتریش لەوە توانستە بە ئەوەی بە تێگەیشتنی تیژکراوە لە کرێک و زەرورە (das Essentielle) گوێ بە پرسەی ئاسیۆنالی مۆرکیە بدات. بە دیدی ئیبن سینا ئەم توانستە بە نموونە مەرکی پەیامهێنانە (پێغەمبەرانە)، هەر بەم تێڕوانینەش لە فارابی جیادەبێتەوە کە لە کۆتاییدا پەیامهێنیی لە پشت مۆرکیەی فەلسەفییەوە دانابوو. پەیامهێنەکان بە ئیبن سینا تەنیا توانستەندی (Meister) هەزی پێشبینی نین و بتوانن مۆرکیەی

فەلسەفەیی لە وێنە و هەمادا بخوێنێتەوە، بەڵکو هەروەها توانستمەندی زەینی تیژکراوەن و تێنانەت دەرەقەتی ڕەگەی سەختی مەئریفەت دێن لە ڕووی ئەدگارە ئاسیمانلۆکییەوە. پێیامهێنان کە وەک "مامۆستای (Meister) مرۆڤان" شایانی ڕێزلێگرتنن، ئاللێگۆریانە دانایییەکەی قورئان لە مرۆڤان تەدڕگەیەنن. سەرجەم مرۆڤان گەرەکە فەزیلەکانی دانایی و قانئی و دڵسۆزی، لە کەی هەموشیاندا دادپەروەری، بکەن بە پێیڕەوی خێیان. "وەڵا"، وەک چۆن ئیبن سینا لە کۆتایی "ئەلشیفا"دا دەبژێت (Ibn Sina 1960, 685)، "کە لەپاڵ ئەم فەزیلە پراکتیکییانەدا بە دانایی تیەریانەش بگات، ئەو کەسە بە بەختیاری گەیشتووە".

کاریگەریی ئیبن سینا

لەو کاتە بەدواوە بەیەکگەیاندنی نێزیکی میستیکییانەی خودا و فەلسەفەی ئاسیمانل کاریگەریی گەورەی نواند، ئەوە تێنانەت لەسەر هەزری درەنگتەری ئەوروپیی لە چەرخی نۆڤینەدا. ڕەجەر بەیکن (1214-1291) ئیبن سیناوەک جێگرەوەی ئاستینەی ئەیستەتەلیس دەبینی. تەماسی ئەکوینی (1224/25-1274) لە ئاوەڕاکردنی بۆگەهەنانەوەکانیدا بە هەبوونی خودا پشتی بە ئیبن سینا بەست، جا گەرچی لە لایەکی دیکەوە هەرشی بردە سەر ڕەبازی ڕۆان لای ئەو. بەگشتی کاریگەریی ئیبن سینا لەسەر فەلسەفەی ئەوروپی کەمتر بوو لەوەی ئیبن ڕوشد، وەڵا کاریگەرتر بوو لەسەر فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی. لەرە لەسەر بناغەی فەلسەفەکەی مەدرەسەیەک بە واتای وشە سەریهەڵدا. وەڵا ئەم دێنگدانەوە مەزنە ڕەخنەگرانی بەوزەشی چالاک کرد، وەک ئەلغەزالی و دوای ئەویش فەخرەدین ئەلڕازی (بەوانە بەشی دوای ئەرە)، کە پاشان دژەڕەخنەی لایەنگرانی ئیبن سیناوەدوودا هات. هەر بە نموونە نەسرەدین ئەلتوسی (1201-1274) خەی خستە دانوستانکی ئەدەبییەوە لەتەک (فەخرەدین -و) ڕازیدا تاکو لەدژی هەرشەکانی ئەو بەرگری لە ئیبن سیناوەی نموونەی باڵای بکات. ئەلتوسی تەنیا فەیلەسوف نەبوو، بەڵکو هەروەها زانایەکی گشتلایەن بوو کە لە کایەکانی ماتماتیک و ئەستێرەناسییشدا هەڵکەوتبوو. هەڵاکەی داگیرکەری مەغۆلی هێندە زۆر لەدەنا کە نەڕەنگەیەکی مەزنی بە دامەزراند تاکو تێیدا توژینەوەکانی ئەنجام بدات. ئەلتوسی وەک فەیلەسوف بەردەوامیی بە میراتەکەی ئیبن سینا دا، لەرەشدا هەوڵی دا بە دەستپێکەکی ئەنسیکلۆپێدیانە کایەی دیکەی زانین بە مەتافیزیک بگونجێنێت، بە نموونە ئەپتیک (ۆناکیناسی) وەک لکەکی تیەریی دەرککردن، یان فیزیکی پراکتیکی لەنەو تیەریی کاوساندا

بەهەند وەربگرێت.
کاریگەریی ئیبن سینا لە فەلسەفەی ئەرانیدا تا ئەو نوسەردەم بە دەکات. وەلە لە فەلسەفەی هاوچەرخی ئەرەبی ئیسلامیدا ناکۆکییەکی بەتین سەبارەت بە نرخاندنی کاریگەرییەکەی لەگەڵیە. ئەلجابری کە فیلەسوفکی مەغریبییە، وای دەبینێت کە کردنەوەی تەرادیسیۆنی نوپلاتۆنی بە میستیکی (تەسەوفی) ئیسلامی لە لایەن ئیبن سیناوە هەیەکە بە کۆتاییهاتن بە تەرادیسیۆنی ڕاسیۆنالیستی لە کولتووری ئیسلامیدا، بەمەش هاوکات هەیەکە بە ڕوونەدانی مەدەرنیزەکردنکی ئەتەنەم؛ وەک ئەو دەبڕێت، سەروەریی باڵای هزری ئیبن سینا لە تەرادیسیۆنی فەلسەفەی ئیسلامدا ڕەگەر بووە لە وەرگرتنی (ڕەسەپسیۆنی) فەلسەفەی ئیبن ڕوشد کە زەر زووتر بریتی دەبوو لە کرانەوەی فەلسەفەیکی سەبژەکت ی بە مەدەرنە گونجاو؛ کەواتە لەم ڕوانگەیەوە "فەلسەفەی مەشریق" بە ڕەهەندکەیەوە بە میستیک بەرپرسیارە لە دەسەڵاتی ئایین لەنەو کولتووری ئیسلامیدا، بەیە دەبێت خە بە فەلسەفەی مەغریب ی ئەرەبی و بەتایبەتیش بە ئیبن ڕوشدەوە گرێبدرێت تاکو گەڵان بە مەدەرنەیەکی خەمالی (ئەتەختەن) بدرێت. ئەم تەزە زەر بەاوبووەتەوە، وەلە هاوکات وتووێژەڵگرە. بە نموونە فیلەسوفی میسری حەسەن حەنەفی یەکێکە لە تیژترین ڕەخنەگرانی. ئەم خەریکبوونە ناکۆکانە بە ئیبن سیناوە لە وەرگرتنی ئەوروپیانەی هاوچەرخدا وێنەدەداتەوە، ئەوەش بە جەرەک کە دەبزوێت لە نەوان: نرخاندنکی نزیکەی هەژیوی ئیبن سینا و ئاماژەداندا بە کەماسی ڕەسەنێتی و سەربەخۆیی فەلسەفەیی، بە نموونە لەچاو فارابیدا.

سەرچاوە:

Geert Hendrich: Arabisch-Islamische Philosophie. Geschichte .und Gegenwart. Frankfurt/Main 2005

گلەسار

ئاشتەلەگی: پاشەڕەژناسی، پرسی ڕەژی قیامەت

ئەمپیری: تەجریبی

ئەقیدەگەری: ئەرتەدەکسی، پابەندی سوننەتییانە (لاسایگەرایانە) بە بنەماکانی ئایینەوە.

فەرمی کرۆکی: ئایدەس، دەتوانین بە پێچوانەشەوە لە "فەرمی دیاردەیی" (مەرفە) بدوێین.

کاوسا: هەئەنجام

کلاسیکی: هەردەم هەنووکەیی، کەن-نەبوو.

ماتریالیستی: دانانی کارەسە بە بنەڕەتی سەرجەم کردەکیەتی.
ماتریەل: ماتریانە، ماددی
میستیک: پەنهانی. جیهانبینییەکی ئایینییە کە تێیدا کەس کەشش دەکات بۆ ئاوەی بۆ ئامان و زوهد لەتەک خوددا یەکانگیر ببێت، بۆ نموونە لە تەسەوفی ئیسلامیدا.
ئەتەڕەتی: ناسەنراو، پەگەی قبووکراو، کاریگەر لە بوارەکی تایبەتیدا
پانتایستی: لایەنگری پانتایزم کە خودا لەنەو جیهاندا دادەنێت؛ هەردووکیان یەکانگیرن.
ڕەوان: سپیریتوالەتی، مەئنەویەت
سەیرور: هاتنئارا لەنەو خۆی، بە پێچەوانەی وەرگێڕانەوە کە بەهەی دەرکییەوە ڕوودەدات.
سپێکولاسیۆن: هزرینەک کە بە فاکت بەدینەهێنرابێت.
ترانسەندەنت: نەشیاوی ناسین.

ژنەکەت عاشقی سوتان عەبدولحەمیدە.. نیهاد جامی

ئەو ناونیشانی چیرۆکێک نیە، هێندەی ئاستەقینە بوونی ماڵی کوردیە، ئەو دەمەی دەتوانێت دژایەتی فەرهەنگی تورکی بکەیت و بە فاشیزمی دەناسیت، بەناو ئەو فاشیزمە هێندە پتەو خۆی خستۆتە ناو ماڵەکەت و چای لەگەڵ خوشکەکانت دەخواتەوە، دەستبازی لەگەڵ ژنەکەت دەکات، هەر بە بەرچاوی تۆی پیاوەوە، تەش دەمت بکەیتەوە خێت بە دژە تورک دەزانیت، ئەو وێنە ریالیستیە دەرەنجامی هەر ماڵەکی کوردیە کە بوونە بە ئەویندارێ ئاستەقینەی درامای تورکی، هەبەت لەووی ئاستی هونەریەوە درامای تورکی توانیویەتی خۆی بخزێنێتەوە ناو تەواوی دنیا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ژیانی کەمایەتی زەوت نەکردووە، وەک ئەوەی لەکوردستان داگیری کردووە کاتێک پیاوەکان دەبن بە ژنکوژ، ژنەکان خەونیان پیاوەکی ئەمانسیە، ئەو کاتە دەزینەوەی ئەو پیاوە تەنیا لەناو ئەو درامایانە دەست دەکەوێت، حەز دەکەن کەنیزەیەک یاخود یەکێک بن لەژنەکانی سوتان عەبدولحەمید، با کێڵگەی حەرامسرا بێت بەس هەست بکات، لەم سەر

زۆیە پیاوێک هەیە گرنگی پە دەدات و خۆشی دەوێت، خۆشویستی بە ژن هیچ نیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، خۆشویستی هاوکێشەیەکە وابەستەمان کردۆتەوە بە پەیوەندی سێکسی، لەو نەوەندەدا کەس وەک بانگخوازو گروپی دینی سوودی لەو دۆخە وەرنەگرت، هەندێک نوسەرو هونەرمەندیش بە ئاوەی تیراژی کتێبیان بەرز بێتەوە، پەیجەکانیان لایکەکانیان بفرن، خۆرا داکۆکی لەو گوتارە کۆنە پارێزەی دینیەکان دەکەن، تەنانەت بەشەرمانە هەندێکجار دژنووسن ئاوەی ووو دەدات هەکارەکەی علمانیەکانن، لەڕاستیدا شتێک نیە ناوی علمانیێت بێت، ئاوەی هەیە گۆڕانە بەدوای پەیوەندی سێکسی، جا هەندێک بەم ناوە داوای دەکەن و ئوانیتریش دینیەکانن ڕەوایەتی ئەو پەیوەندیە دەگوازنەوە بە ژیانی هاوسەری، بەتایبەت لەدیاردەی فرژنیدا، ژنەکانیش قبولیانە هەر نا دەبن بە دایک و ماڵەکیان دەبێت، لەئاستی کەمڵایەتی پەگەی ژنبونیان هەیە، ژیانیان لە چ ئاستێکە؟ ئەوە هیچ بەیان گرنگ نیە، چونکە پرژەی ئازادی مانایەکی نیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، سەرەنجام مرۆڤ ناتوانێت ئازاد بێت، هاوپەیمانیەتیەک هەیە لەنێوان دینیەکان و دژە دینیەکان ئەویش نەبەزاندنی پیرۆزیەکانە، بەیە ئەو فانتازیایە لەناو دراما تەلەفزیۆنیەکان دەست دەکەوێت، بەتایبەت کە جۆرە زیندانەکی تری ژنە، بەوەی زیاتر گۆشەگیربوون و وابەستەبوونی بە ماڵەوە دەبێت، ئەوەش پیاو دەخۆش دەکات، بەڵام پەیستە پیاو ئەوە بزانێت لەناو ماڵەکەی ژنەکەی دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدە، ئەگەر خۆشت لەو تەگەیشتنە بەبەری دەکەیت بەوەی تە خوشکەکێت ئازاد کردووە، خەمت نەبێت ئەویش جوانکاریەکانی هەر لەسەر فەرامی دراما مەدرنەکانی ژیانی تورکی بنیات ناوە، خەون بە موهەنەد و مورادی عەلەمدارو ناوەکانی تر کە من نایزانم و تە ڕۆژانە لەناو ماڵی خۆتان دەستی خوشکەکانمان و کچەکانمان دەبینیت کە چۆن لەڕی شاشوە دلدارو دەستیانن.

چیرۆک/ هەزار کانی.. عومەر سەید

نیوە شەوێک بیابان تایەکی گەرمی گرت. هەزار تلاقی لە دەرهات. بیابان تووشی پەتا بوو. هەزار تلاق لە بری کیم، ئاوی سازگاری لە

هەدەقووڵا! هەزار کانی، سارد و سازگار، ئاوی ژوون بە هەموو لایەکی بیابانـدا ڕژا. قوڕپ قوڕپ هەدەقوڵا. ورد ورد بە لمدا جۆگەلەی دەبەست. سینگی بیابان، پڕ بوو لە ئاوی حەیات و پڕ لە دوڕ. هەزار کانی بە هەزار ئاراستەدا، لە بڕشایی لمدا تەوژمی دەبرد.
شەوی قەدر، کاتێ جوبرائیل ئەم دیمەنەی بینی، تاسا! خەرا لە ئاسمانی یەکەمەوە، خەی گەیاندە ئاسمانی حەوتەم. بە خودای مەزنی فەرموو: بیابان پڕ لە کانی؟!
خودا سەرسام بوو، فەرمووی: بگەڕەوە و هەواڵی بیابانم بە بڵێوە، کانی و بیابان مەحاڵە!
وەک ئەوەی یاسای ئەزەل شکوابێ. هەوەسمەک لە گەردوون لای دابێت. قەدەرێک لە ڕاستەهێ یاخی بووبێت.
جوبرائیل داکشایەوە بەرەو زەوی. هێکوڕاست ڕوو بە عەرعەر. بەوای بە چاوکانی خەی نەکرد! ئاو لە بیابانـدا هەدەقووڵی و بە هەموو لایەکدا دەژڕ! دوو فریشتەی بانگ کرد و پەی وتن: ئەوەی من دەیبینم ڕاستییە؟!
بڕێ ئەوە ڕاستی بوو.
هەزار کانی لە بیابانـدا تەقیون. لە هەر کانییەکیشەوە دەروشێک دەرکەوتن. گڕپ گڕپ لە دڕپی ئەو ئاوە. دەروشانی بە مەئوا هەڵکەوتن. چەشنی نەعشی سەراپای مەخلوق، وەک فەلەک لەو سوبحەدا. تەریقەتی یەئس مەوجی دەدا. سەروقژی درێژیان و پاشان ورد ورد هەموو جەستەی شڕێ و شیتان شیتانیان هاتەدەر. هەزار دەروش لە هەزار کانییەوە و بەدەم دەف ژەنینەوە، وەک نەونەمام باڵایان دەکرد. چەشنی شمشاد بوون. وەک شەپاڵی دەریا، پرچیان شەپاڵی دەدا. دەنگی هەزار دەف، دەفی دروشانی دەوانە، ئاوێتە بە دەنگی غەمگین و ماندووی هەزار قوڕگ، کە بە یەک ڕیتم و ئاواز هاواریان دەکرد:
حەیی ئڕا... حەیی... حەیی ئڕا... حەیی...
لەگڕ لەدانی دەفدا، تەزەکی ئەرخوانی دەژڕا بە فەزادا.
شەوی قەدر و خودای تەعالا خەی لە ئاسمانی نەویە و تەماشای سەفاسەف و ئەلقەی دەروشان دەکات.
حەیی ئڕا... حەی ئڕا... حیی...
دەروشانی تەریقەت، بە دەم دەف کووتانەوە گەمڕە دەبن. لە ڕەنگی زەردی ڕوویاندا دەژڕا داخی سیا بە سەحرادا. سینەی ئەو شەوە زوخاڵستان بوو. لە ناوەنددا شڕخ دەتەدەر. قڕشەنگ و باڵا زەراف. لە ناوەاستی حەشاماتدا، تیشکی لە دەبارە و بە دەنگی پڕ بەواوە دەڵێت:
گەر ئاگری مەحەببتی شک بەم لە دەزەخا

ئەو دەزگەی بەهەشتمە، جێنێت دەکەم حەرام*
هەزار دەروێشی حاجگرتووی ڕوون چێشنی ئاو، کە بە دەم سەربادان و دەف کووتانەوە، غوبار دایاندە پشت. بە تەهلیلەوە و نالەی ئازارەوە، دەوری شێخی خێایاندا. سەدای دەف و دوو هەزار پەی پیرەزی نەو کەاش، عەرش و دنیا دەننە لەرزە.
کاتێ سەیکی شەو دەووات. خودا خێیی دێتە خوار، لە نمایش دەوانێت و دەەت" من یدعونی فآستجیب له، من یسآلنی فاعطیه، من یستغفرنی فآغفر لة"
لەو بەرەبیانە هەشتا تاریکەی بیابانەدا، مانگیش چێشنی هەزار دەفی دەروێشان چێشنی دەف دەردەکەوە. زەمین لە ەنگ و شەوەی سیمای هەبزەکاوی دەوانێیکی سەر و ێیش هەبزەکاو! گەردوون لەسەر ێیتمی ئەوان دەجمە و دەخولە.
خودا لە فریشتەکانی دەپرسە: ئەمە حوسەینی کەوەی عەلییە، یا حوسەینی کەوەی مەنسورە؟!
زەمەن تاوێک دەوەستێ! دواتر عەکسی خەی هەدەسوە. وێک میلی کاتژمێرەکی پێچەوانە، دەگەتەوە بە هەشت و هەشت.
شێخ خێیی و ژن و مندااەکانی، خێیی و دەروێشکانی، خێیی و خەکوخوای ەشووت، لە قەفەزی دیلیدا، مات و سەرگەردان دەردەکەون. بەدەم نمایشەوە، هەر هەزار دەروێش دەناەنن. سامناک و ترسناک هاوار دەکەن، بەرزتر و حاگرتووتر هاوار دەکەن:
شێخ حوسەینی هەزارکانی،* ووو دەکاتە عەرشی مەزن و بە ویقارەوە دەەت: لەم گەردوونە فراوانەدا، زەوی کەمێک گەورەتر بکەوە، تا ئەمەش حوجرەیێکمان هەبە ئازادانە تەدا زیکری تە بکەین.
خودا فەرمووی: واز لە زەوی بەنە یا شێخ کە چێک و ژەنگ دایەزاندووە. تە و دەروێشکانت وەرنە دەرەوە لە بیابان، دەتانخەمە بەهەشی بەرینەوە.
شێخ لە وەامدا بە خودای وت: بە تەنها هەسارەی موشتەری هەزار و سە سەد جار لە زەوی گەورەتر، نابینی ئەمە لە هەر چوار لاوە تەنگمان پێهەچنراوە.
خودا ئەمری فەرموو: بیانبەن بە بەهەشت.
شێخ وتی:
نا… ئەمە سەد و هەشتا و دوو هەزارین، بە تەنیا و بە ئەو هەموو خەکە لەرە ناەم.
*شێخ حوسەینی هەزارکانی، ئەو پیاوە ئەنفالکراوەیە کە لە کاتی پرسەی ئەنفالدا. بەعس بە مەرسومەک ئازادییان بە خێیی و خەزانەکەی بەخشی. بەڵام ئەو ەتیکردەوە و وتی. نا، بە تەنیا و بە ئەم خەکە لەرە ناەم.

⋆ مەحوی

هێزە کوردیەکان و مامەڵەی سنور لە نێوان عێراق و سوریا.. عوسمانی حاجی مارف

شکستی داعش کاریگەری نەبوو لەسەر دابینکردنی سەقامگیری بە سنوری نێوان عێراق و سوریا، ئەو سنورەی کە بە یەکێک لە ناوچە ناجێگیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست هەژماردەکرێت، کە جەڕەها قەوارەی فراکسیۆنە کوردیەکان کاری لەسەر دەکەن، کە بە بڕژوەندیەکانیان مامەڵەی لەسەردەکەن.
دوای ئەوەی حکومەتی سوریا کۆنترۆڵی سنورەکانی لەدەستدا و پێگەی حکومەتی عێراقیش لەو ناوچانەدا سنوردار بوو، دەرگا ئاوەاڵبوو بە هاتوچۆو بازرگانی و قاچاخچێتی کردنکی گەورەو فروان، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەکەکە بەشدار بوو لەشەر دژی داعش و سەرکەوتوبوو لە چەسپاندنی نفوزی خۆی لەسەر سنورەکان. لەهەمانکاندا کاریگەری و ڕۆڵی تایبەتی هەبوو لەسەر پێوەستکردنی ڕێکخراو و گروپە کوردیەکانی سوریا بە سیاسەتکانی خۆیەوە. هەر ئەو سنورە بووە سەرچاوەیەکی سودمەند بە پێگەو نفوزی زیاتری پەکەکە.
ئەم حاڵەتەش کەشەو ڕکابەری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکەی گەورەترکردەوە. ئەم کێبڕکێیە بەرجەستەی پێکدادانی دوو هێزی چەکدار بە بەرزکردنەوەی پێگەو نفوزی سیاسی و بەرجەستەکردنەوەی دەسەاڵت لە هەردوو دیوی سنوری نێوان سوریا و عێراقدا. پەکەکە هەوەدەدات بەشەویکی پێچەوانەی پارتی سنووریکان بگەڕێت بە ژێر کۆنترۆڵی دەسەاڵتی خۆی. پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئامانجی چەسپاندنی واقیعی سنووریکانە بە دیاریکردنی دەسەاڵتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. جگە لەوەش پارتی لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانی هەیە بە شەرکردن لەبەرامبەر پەکەکەدا کە لە باکووری عێراق و سووریا هەمەتەکی سەربازی لە دژی پەکەکە بەردەوامە.
هەربۆیە ئەو دەخڵە بەشەوازێک گەردراوە کە بە شکستی داعش سەقامگیری بە سنووری عێراق و سوریا نەهاتە ئاراوە. تا ئێستاش وەک یەکێک

لە ناوچە ناجێگیرەکانی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەتەوە. لەهەمانکاتدا ئەو دۆخە بۆشکە لەهەکاری ناجێگیری سیاسی لە کوردستاندا.
نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی سوریا و عێراق لەو ناوچە سنوریانەی کوردستان، بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرووپی ناسیونالستی چەکداری کە هەوڵی پێکردنەوەی ئەو بۆشاییان داوە. گەڕانکاریەکی بەرچاو بەدرێژایی بۆشی باکووری سنووری عێراق و سوریا لەپرسەی نەمانی دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتدا ڕوویدا. ئەمە بە یەکەمجار لەدوای مێژوویەک لە سەرهەڵدانی دەوڵەت لە عێراق و سوریا، بۆشک لە سنوورەکانی هەردوولا، لایەن هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بەریوەبەرێت و ببێتە سنوری نێوان کورد و کورد، کە کاردانەوەی درێژخایەنی ناسەقامگیری لەسەر ناوچەکە داناوە.
لەدیوی سوریاوە، ئەو بۆشە سنووریی ملکەچی دەسەڵاتی ئیدارەی گروپە کوردەکانە کە دیارترینیان "یەپەگە"، لە تەکەڵبون و پەیوەندیەکی ڕێکخراویی تایبەتدایە لەگەڵ "پەکەکە"دا، بەیە پەکەکە سوودی لەم پەیوەندیانە وەرگرتوە بە دامەزراندنی دەروازەی سنووری نافەرمی. تا ڕادەیەک سنووری جیاکردنەوەی هەردو دوو دەوڵەتی سوریاو عێراقی سریەوە، وەک درێژدان بەو دەورەی داعش لەسنورەکان پیادەی کرد. لەلایەنی عێراقیشەوە، بارزانی سەرۆکای کشانەوەی لە شەنگال و شکستی لەیفراندەمدا توانی پاراستنی کەنتۆنەکەی خۆی بەسەر چەند بۆشکی ئەم بۆشە سنووریەدا درێژە پێبدات.
ئەم واقعیەتە کۆشەو ڕکابەری نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەردوو دیوی سنووری تونتر کردەوە. لەهەمانکاتدا گرنگیەکی زۆریان بە کردنەوە و پەرەپێدانی دەروازە سنووریەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی داوە. لە ژێرڕۆشنایی ئەو گەمارۆیەی تورکیا لە باکوور و ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە باشوور و ڕۆژاواوە سەپاندویانە، ئەم دەروازانە تاکە پەیوەندیەکی جێی متمانەیە لە نێوان ئیدارەی کوردەکانی سوریا و جیهانی دەرەوەدا، بەو پێیەی زەربەی هێناردە و هاوردەکردنی کالا پشت بە هاتوچۆی بە سانسەر دەبەستێت لەگەڵ ئەو سنوورانەوە. بەیە ئیدارەی کوردەکانی سوریا و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیانداوە بە بە فەرمیکردنی بەڕێوەبردن و دەستبەسەراگرتنی دەروازە سنووریە هاوبەشکان، بەمەبەستی گومرگ و ئاسانکاری بە بازرگانی و قاچاخچێتی.
سەرۆکای هەوڵدان بە هاوکاریکردن لەسەر پرسەکانی سنووری نێوان ئیدارەی کوردەکانی سوریا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتهاتە ناوچەیەکان کەبەکەی نێوان هێزە کوردیەکانیانی قووڵتر کردووتەوە.

پەیوەندی نێوان پەیدە و پەکەکە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و بە
ڕێوە بردن یان دابە شکردنی دە سەڵاتە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا
و شەنگال. کە بە تێپەڕبوونی کات، سنووری عێراق و سوریا بۆتە
گۆڕەپانی سەرکی ئەم ڕکابەرییە. لەهەمانکتدا هێرشە ئاسمانییەکانی
تورکیا و لەشکرکێشیە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر پەکەکە حاڵەتکی
تری نەرێنی و تێکدەری زیاتری ئاو دۆخە ناڕامیارییە.
بەرژەوەندیە ئابووریە ناسکەکان کە پێویستە پاڵنەربن بۆ
هاوکاریکردنی هەردوولا لەڕێکخستنی کاروباری سنووریکاندا، بەڵام
کێشە بنەڕەتییەکان کە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی قووڵیان هەیە لە نێوان
بارزانی و پەکەکەو تەواوی حزبەکانی کوردیەتیدا، یان وەک هێزی
میلیشیاو تاڵانچی بونیان هەیە، زەمینەی گرژی و ئاڵۆزی زیاتر
دروست دەبێت تا ڕێکەوتن.
بارزانی پێیباشە واقیعی سنووریکان نەگۆڕن و سنووریکانی ئێستایان
وەک سنووری دەسەڵاتی خۆیان بەرجەستەکردوە. ئاواتەخوازن ئەم
سنووراندە بە فەرمی بکرێت بەیان، بۆئەوەی قەوارەی ئێستایان
لەبەرامبەر حکومەتی عێراقدا پارێزراوبێت. بە ئەمەش چاوەڕوانن
بەپشتیوانی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی لەلایەن زلهێزکانەوە
ڕەسمیەت وەربگرێت. بۆیە پارتی لەئێستادا هەر دەستکاریکردنێک لە
سنووریە نێودەوڵەتیەکانی ئێستادا ڕەتدەکاتەوە. لەبەرامبەریشدا
پەکەکە لەژێر ناو و پەردەی شۆڕشگێڕانەوە کە ئامانجی تێپەڕاندنی
سنووریکانی ئێستایە، وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنی پێگەو نفوزی
خۆی دەیبینێت.
بەڵام لەپەیوەند بەو دۆخی ئێستاکە لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت،
لەلایەک هەوڵدانی بچووککردنەوەی قەوارەی حکومەتی هەرێم لەلایەن
حکومەتی عێراقەوە، هەروەها دەخالەتی ئێران و تورکیا و ڕێی
ڕۆژئاواو ئەمریکا لە ناوچەکەو دارشتنی داهاتوی سنوری عێراق و
سوریا، بەدەر لە ویستی بارزانی و پەکەکە، هەردوو ئاراستەی
بارزانی و پەکەکە، خراونەتە بەر بۆچوونانیان لە ناو دوریانێکی
تاریکدا .
ململانێ و کێشە ناوخۆییکانی سوریا و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی
لەڕۆژئاوای عێراق، کاریگەریی بەردەوامی لەسەر ناوچەی سنووری
نێوان عێراق و سوریا بۆجێهێشتووە. هێزە کوردییکان لە ئەنجامی
شکستکانی داعش سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی کۆنترۆڵ لە هەردوو
دیوی سنووری سوریاو عێراقدا. ئەمەش هەر زوو بووە سەرچاوەی
کێبەرکێی نێوان پارتی و پەکەکەو لایەنە کوردییکانی سەربە پەکەکە،
کە هەمویان دەستیان کرد بە کێبەرکێ لەگەڵ یەکتر بۆ
بەدەستهێنانی"خاک و سەروەت و سامان".

لە سوریا، ژمێی بەشار ئەسەد لە هاوینی ٢٠١٢ دەستی بە کشانەوە کرد لە ناوچە کوردنشینەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. ئەم کشانەوەیە هەگبەی بە پەیدە دا کە بەشکێی زەری ئێندامەکانی پەیوەست بن بە پەکەکە، تا بتوانن بوونی خۆیان بچەسپێنن. پەیدە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ وە ناوچە سنووریەکانی لەگەڵ عێراق کنترۆڵکردووە، بەتایبەتی دەروازەی سەمالکا لە دیوی باکووروە. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا فراوانتر بوونەوە بە باشوور، بە درێژکردنەوەی کنترۆڵی خۆی بەسەر شارچکەی ئەلیاروبییە ، هەروەها لە مانگی ئازاری ٢٠١٩دا بە شارچکەی ئەلباغوز لە باشوور بەدرێژایی هووباری فورات.
ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر ناوچە سنووریەکانی زوممار و شنگال کە ئێستا بەشکن لە پارێزگای نینەوا، کاتێک حکومەتی هەرێم لە ئەیلوولی ٢٠١٧ ڕیفراندەمی سەربەخۆیی هەڵبژارد، لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەدا حکومەتی عێراق، بە پشتیوانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران، دەستوەردانی سەربازی کرد و ناوچە جێناکۆکەکانی کنترۆڵکرد و سزای ئابووری بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەپاند. لەڕێژاوای نینەوا، هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی، دەستیان بەسەر ناحیەکانی هەبیعە و زوممارداگرت. لەنێویاندا دەروازە سنووریەکانی فیشخابور و ئەلولید، بە ئامانجی ڕاگەیاندراوی دووپاتکردنەوەی سەروەری دەوڵەت لەسەر سنوورەکان. لەکاتێکدا هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی توانیان کنترۆڵی دەوڵەتی عێراق بەسەر زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکاندا درێژ بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی هووبەووی هێزە کوردە چەکدارەکانی سوریا بوونەوە، بە ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی شارچکەی فیشخابور و ئەلولید کنترۆڵ بکەن.
لەرێگەی نوێنەرگیری ئەمریکاوە، گفتوگۆ پاشکۆبونی حکومەتی هەرێم بە بەغدا جێبەجێ کرا. هاوکات پەکەکە زەرینەی نفوزی خۆی لە ناوچەکانی باشووری زوممار لە نێویاندا شنگال لە دەست دا و گرووپێکی دیکەی کوردی بە ناوی پەکەکەوە دەستیان کرد بە بنیاتنانی بنکەی پشتیوانی.
ئەم گۆڕانکارییە ناوچەییە لەسەر سنورەکان، لەسەرەتادا هەستی ناسیۆنالیستی کوردی بەجۆرێک هەڵگیرساند و خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەرەخست، هەر بەم ئاراستەیش بارزانی ڕفراندەمی هەڵخراند، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕکابەریی نێوان پەکەکە و بارزانی تووندتر کردەوە. ئەم ڕکبەرییە لە ئەنجامی کێبڕکێیەک لەسەر زەوی و سامان و پێگەی سیاسی هاتە ئاراوە. هەروەها ململانێی نێوان دوو دیدگای جیاوازە، کە مانای جیاوازی بە چۆنیەتی مامەڵەی سنووریەکان

و خاک و داهات پیادەکرێت. ئاراستەی پەکەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مانەوەی هەرەمی کوردستانی عێراق پێویستی بەوەیە کە بەرگری لە سنووره‌کانی بکات. پەکەکە ئەو وەنایە ئەدات زەرەک لە ناسیونالیستە کوردەکان بە دەیان ساڵ بەربەستن لە بەردەم یەکگرتوویدا، پارێزگاری سنورەکان بەرگای یەکەیزی کورد پێناسە دەکات بە بنیاتنانی خەونی دەوڵەتی داهاتوویان.
لەم چوارچێوە ئاماژەدا، ئەم گرووپە هەمەچەشنانە بە دیدگاو بەرژەوەندی جیاوازەوە هەوە دەدەن ئەو سنوور و دەروازە سنووریانە کونتڕۆڵ بکەن کە سەرچاوەی و ئابووری و سیاسی و پێگەی چەکداریانە. پارتی و پەکەکە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بون پێگە و نفوزی سیاسیان نەخەنە بەردەم هاوسەنگی هەر هەڕەکی کوردی تردە. یان بەمانایەکی تر هیچ پێوەندیەک لەگەڵ لایەنەکی تری کوردیدا نابەستن گەر خەیان باڵادەست نەبن تێیدا. هیچ رەکەوتنەکی هاوبەش بە ئیدارەی سنورەکان لەگەڵ لایەنەکی تری کوردیدا ناکەن گەر بەزیانیان بێت.
پەش سەرهەڵدانی ململانێکان لە سوریا لە ساڵی ٢٠١١، پێوەندی نێوان حکومەتی هەرەمی کوردستان و ناوچە زەرینە کوردییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا زیاتر سیاسی بوو، سنووردار بوو بە ژمارەیەکی کەم لە کوردانی سوریا کە نیشتەجێی هەرەمی کوردستانی عێراق بوون. بەڵام ئەمڕۆ ئەم پێوەندیانە جگە لە ململانێی دەسەڵاتی بارزانی و پەکەکە لایەنەکی ئابوریان هەیە مانایەکی تری نیە. دەروازە سنووریەکان کە لە ساڵی ٢٠١٦ لەنێوان هەردوو هەرەمدا دامەزراون، ناوچەکەیان کردەتە ناوەندەکی ئابووری لە بەرخستنی بازرگانی و قاچاخچێتی. بەڵام ئەوەی جگای سەرنجە ئەم ناوچە سنووریە کە لە نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا نیە، بەڵکو لە نێوان دوو قەوارەی سیاسیدایە کە نمونەی سەرکردایەتی کوردایەتیان هەیە.
لەم بەشە سنووریەدا کە ١٥٠ کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە و لە سگەشەی سنووری نێوان عێراق و سووریا و تورکیاوە دەست پێدەکات و بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە تا ناحیەی ئەلبەعاج لە پارێزگای نینەوا لە دیوی عێراق، تا ئەلشەدادی لە دیوی سوریا، لە لایەکی ترەوە چوار دەروازەی سنووری و خاڵی چوونە ژوورەوە هەیە: ڕەبیعە-الیعربیە، سەمالکا، فیشخابور، ئەلوەلید، و ئەلفاو.
دەروازەی سنووری ڕەبیعە-الیعربیە لەلایەن حکومەتی عێراق و سوریاوە وەک دەروازەیەکی سنووری فەرمی ناسێنراوە. بەڵام حکومەتی سوریا توانای دەستاگەیشتن و بەکارهێنانی لەدەستداوە. لە ساڵی ٢٠١٣وە بە داخراویی ماوەتەوە. یەپگە دوای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ شەیان لەگەڵ چەکدارە ئیسلامییەکان ئەنجامدا، توانیویان کونترۆڵی بکەن.

دەروازەی سنووری سەمالکا- فیشخابور دەکەوێتە نێوان شارچکەی فیشخابور لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، لە پارێزگای دهۆک، شارچکەی سەمالکا لە ناوچەی ئەلمالیکیەی سوریا. ئەم پڕۆژەیە خاڵێکی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە بە فۆرمی دانی پێدا نانێت. لە ئێستادا دیوی عێراق لەلایەن بارزانیەوە بەڕێوەدەبرێت و هەسەدەش دیوی سوریایان کۆنترۆڵ کردوە. پێشتر ئەو پڕۆژەیە لە خاڵێک زیاتر نەبوو بە جوڵەی بەرەتی سیاسەتمەداران و چەکدارە کوردەکان، بەتایبەتی بە بەڵەم لەڕووبارەکە دەپڕینەوە. دوای دروستکردنی پردێکی پۆنتۆن لە ٢٦ی ١ی ٢٠١٣، ئەم خاڵە بوو بە دەروازەیەکی سنووری. ئەمەش دوای ئینجامدانی ڕێکەوتنی هەولێر، لەنێوان کەمەک لە پارتە کوردیەکانی سوریا بە سەرکایەتی پەیدەد و ئینجومەنی نیشتمانی کورد بە پاڵپشتی پەکەکەو بە سپۆنسەری مەسعود بارزانی. ڕێکەوتنەکەیان پشتگیری لە پەداویستیەکانی هەردوو گروپەکە کرد بە ئاسانکاری بە پرسەی ئاوگەیی بازرگانی و گواستنەوەی نەخۆشەکان بە هەرێمی کوردستانی عێراق بە چارەسەرکردن.
حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی ئەو دەروازە سنووریە ڕووبەڕووی ئاستەنگی بووەوە. بەتایبەتی کە هەنگاوەکی لەو شێوەیە پشێلکردنی یاسا نودەوڵەتییەکانە، چونکە دیمەشق و بەغدا دان بەو دەروازەیە نانێن. بەڵام پارتی درکی بە گرنگی ئەم پڕۆژەیە کرد، چ لەڕووی ئەمنیەوە وەک ڕێگەیەک بە نیشاندانی هاودەنگی لەگەڵ کوردەکانی سوریا، لەڕووی سیاسیەوە وەک ئامرازێک بە فشارخستنە سەر لایەنە کوردیەکانی سوریا بە هاوکاریکردن بەڕێگەدانی ئینجوومەنی نەتەوەیی کورد بە ئەوەی ڕێبەرایەتی هەولێر گۆڕانی سیاسی. بەڵام پرسی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە بووە هۆی ئەوەی کە دووبارەکی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە کوردیەکانی سوریا دروست ببێت.
هەندێکجار پڕۆژەکەیان بە تەواوی یان بەشێکی داخراوە. بەنموونە لە ١٩ی ئایاری ٢٠١٣ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا دەروازە سنووریەکان بەتەواوی بەڕووی هەموو لایەکدا دابخرێن، جگە لە حاڵەتە مرۆییەکان و نەخۆشەکان. دوای ئەوەی پێدەچێت حەفتا و پێنج ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردی سوریای دەستبەسەرکرد، کە نزیکە لە بارزانیەوە، هاتوچۆی سنوور بڕاندن دەستیپێکردەوە. لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەندەقێکی هەڵکەند بە درێژایی١٧ کیلۆمەتری بە ڕێگریکردن لە دزێکردن لە لایەنی سوریاوە.
دەروازەی سنووری ئەلولید، دەکەوێتە ناحیەی زوممار کە بەشێکە لە

ناوچە کۆنترۆڵکراوە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە نزیک پارێزگای دهۆک، لە کێڵگەی نەوتی دیجلە و نزیکە لە سنووری عێراق-سوریا-تورکیا. ئەم دەروازە لەلایەن کوردستانەوە کۆنترۆڵکراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای داخستنی دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل لە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن کوردیەکان لە دیوی سوریا. بەهۆی ئەو هێرشە داعش بۆ سەر شنگال هێنرا بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەم دەروازەیان بەکارهێنا کاتێک لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لە سوریا کشایەوە.

دەروازەی سنووری ئێلفاو، کە خاڵێکی نافەرمی هاتنە ژوورەوەیە، دەکەوێتە نێوان باکوور و باشووری شنگال لە دیوی عێراقەوە، بەرامبەر ناوچەی نێوان ئێلیعربیە و قەزای ئێلهێ لە دیوی سوریاوە، بە فەرمی بە گواستنەوەی خەڵک و هاوکاری مرۆیی بۆ سوریا. بە تایبەتی لەلایەن ئەوکەسانەی پەکەکەوە بەکارهێنرا بۆ دەستبەرکردنی تێپەڕینێکی سەلامەت بەرەو سوریا بۆ دەیان هەزار ئێزیدی کە لە دەست هێرشی داعش بۆ سەر شنگال هێڵهاتبوون.

بگۆڕەی سەرچاوە ناوخۆییەکان و بەرپرسانی عێراق، وادیارە پەکەکە زیاتر پەیوەندی بە دەروازە نایاساییەکان و بازرگانی و قاچاخچێتی لە دەروازەی ئێلفاو زیاتر دەبێت. دەسەڵاتدارانی عێراق دەستیان بۆ زیادکردنی ژمارەی کارمەندەکانیان نەکرد کە لەو ناوچەیەدا جێگیرکراون، تا دوای ئەوەی شەڕ و پێکدادان لەنێوان چەکدارەکانی سەر بە پەکەکە و پاسەوانی سنووری عێراق ڕووبدا، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠. دوای ماوەیەکی کەم لە واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەستیان کرد بە جێگیرکردنی کارمەندی زیادە لە شنگال. وە لە نزیک ئەم ناوچە سنووریە بە سنووردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە و توانای چالاککردنی لە ناو خاکی عێراقدا.

ئەولەویەتەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بەپلەی یەکەم بازرگانین. دەروازەی سەمالکا-فیشخابور بۆشاییەکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی خەراک و کەرەستەی سەرەکی دیکە بۆکاردەت. لە لایەنی سوریاوە نزیکەی دە فەرمانگەی گومرگی ناوخۆیی لەگەڵ بازرگانان کاردەکەن بۆ ئاسانکاری کارکردن و پاشکۆتکردنی کات. لەنێو ئەو کاتە ستراتیژییە سەرەکیانەی کە لە هەرەمدا بازرگانی پەوەدەکرێن: ئاسن، شەکر، چیمەنتۆ و پەو. لە لایەنی حکومەتی هەرەمەوە کۆمپانیایەکی

سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی پێینووکە دەکات و باج لەسەر بەرهەمکانی وەک پلاستیک، مۆبایل، قوماش و کۆلۆپەلی کارەبایی کەدەکاتەوە.
سەبارەت بە دەروازەی سنووری ئێلولێدە، لەم دەروازە دەتوانرێ کاڵا بەهێزترین زیرتر هاوردە بکرێت لەوەی کە لە دەروازەی سەمالکا هەیە کە توانای هەڵگرتنی پردی پێنتۆن ٣٥ تەنە، بەیە دەروازەی سنووری ئێلولێید بۆ هاوردەکردنی ئاسن و چیمەنتۆ و پۆو و شەکر دیاری کرابوو کە هەموو ئەمانە لەلایەن ئیدارەی لایەنە کوردیەکانی سوریا قەرخ دەکرێن. هەندێکجار کاتێک لە وەرزی زستاندا دەروازەی سەمالکا دادەخرێت، دەروازەی ئێلولێید دەبێتە جێگرەوەی بۆ ئاسانکاری بۆ جووڵەی ئاوگۆڵە بازرگانییەکان. واتە گروپێک هەیە کە پێویستە بۆ سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئەوی تریشیان کەسایەتیەکانی سەر بە پەکەکەن.
لەدوای ساڵی ٢٠١٤ دەروازەی ئێلولێید و ئێلفاو بوونە خاڵی سەرەکی هاتنژوورەوەی پەکەکە و چەکدارانی گروپی سەربەخۆی، کە هەوڵی بەزاندنی سنوور دەدەن. پەکەکە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی عێراق، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە گروپەکانی هاوپەیمانی ئێرانەوە هەیە، کاریان کردووە بۆ ئاسانکاری بۆ ئۆپراسیۆنە سنووربڕنەکانی چالاککردنی هێگاکانی قاچاخچێتی. ئەمانە بەتایبەت لە نەوان دەڤەری خانسور لە سوریا و قەزای شنگال کە دەروازەی ئێلفاو لێیە، کە لە دوای ساڵی٢٠١٤ بووە بە دەروازەیەک بۆ قاچاخچێتی، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی ئیدارەی هاوپەیمانی لەگەڵ پەکەکە لە شنگال.

ئەنجامی ئەم دۆخە بگوڕەی پێشهات و هاوکێشە سیاسیەکان ئەوە نیشان ئەدا، کە ئەم دۆخە ناتوانێ یەکلایی کرێوە بێت بە قازانجی هەردوو هێزی بارزانی و پەکەکە، بەڵکو ڕێڕەوی ئاوگۆڕەکان بە گشتی بزوتنەوەی کوردایەتی خستەتە بەردەم تەسك بونەوەی پگەی سیاسی و ناچارکردنیان بە قبوڵکردنی هەر فشارێکی سیاسی کە پێیان دەبەخشن.

بە ئەم وتارە سود لە وتارێکی خضر خضور و حارث حسن وەرگیراوە کە لەژێر ناونیشانی
"تشكيل الحدود الكردية: معادلات النفوذ والنزاع والحوكمة في المناطق الحدودية العراقية السورية" نوسیویانە.

کتێب / مەرگ لە سەر باڵی شەبا.. سەردار جاف

ناوی کتێب / مەرگ لە سەر باڵی شەبا
بابەت / ڕۆمان
ناوی نوسەر : سەردار جاف .
لە سەر ئەرکی خودی نوسەر بۆ چاپ گەیشتووە.
تیراژ : 500 دانە
تابلۆی بەرگ: گرفتار کاکەیی
دیزاین : دلێر زەنگەنە
تایپ و هەڵچن : خودی نوسەر بە هاوکاری حەمە سەعید زەنگنە
چاپخانە : (هەژهەژات) هەولێر
ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەولێر بە ژمارە ( ) ساڵی 2016 دراوەتێ

بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کلیکی ئێرە بکەن...

SardarJaf_RomanDownload

لە سەروبەندی یەکەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی گەلی ئێرانـدا.. عەبدولڕەحمان گەورکی

بنەماکانی بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت لە ئێران!
عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

هەموومان دەزانین هیچ دیکتاتۆرێک لە مێژوودا خۆی لە خۆیدا نەووخاوە. ڕووخاندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە سەر زەوی، بەرهەمی

ئەو خەبات و تەکۆشانە بووە کە بە رووخاندنی کراوە. (کات)ی رووخاندنیشی تەنها تەکۆشێک بووە لە بەراوردی "هەزی دیکتاتۆریەت" و "هەزی گەل" و "هەزی رووخێنەر"، کە لەسەر هەر خاکێکدا جیاواز بووە.
ئەوەی فاکتۆری گرینگ بێت و هەندێک جار زۆری یەکلایکەرەوەی هەیە، "دەزینەوەی تایبەتمەندیەکان"ە کە جگە لە "زانستی خەبات"، دەبێت "کەشف" بکرێن. بەبێ دەزینەوەی تایبەتمەندیەکان، پێناچێت هەبوونی (زانستی خەبات) بەس بێت بۆ ئەم کارە. جیاوازی نێوان "زانست" و "کەشفکردن"، سەبارەت بەوەی "چی هەیە" و "چ دەبێ بکرێت"، (ستراتیژی و تاکتیک)مان دەخاتە بەردەست. لە "پێناسەکردن"ی دەستپێدایە کە "تایبەتمەندیەکانی خەبات" و "چ دەبێ بکرێت" دەبێتە (رەمزی بەرەنگاربوونەوەیەکی سەرکەوتوو).
بنەماکان:
پێناسەکردنی کەشێی سەرکیی کەمپەگا و تایبەتمەندیەکانی: تا کەشێی سەرکیی کەمپەگا (واتا دوژمن) لەووی زانستی و واقیعییەوە پێناسە و دەستینشان نەکرێت، خەبات بۆ ئاڵاستە و رێڕەوە و پێتانسێل و تواناکانی ناو کەمپەگا، جێگای راستقینەی خەیان ناگرنەوە! پێناسەکردن و دەزینەوەی ئەم تایبەتمەندییانە رێکی سەرکیی هەیە لە هەنگاونان لە ئەستاوە بەرەو ئایندە. بەرەی سیاسی کە خەی هەقوڵاوی (هەق و هەوەستەی سیاسی)یە، بەرهەمی ئەمجەرە پێناسەکردنیە. کاتێک گرژی و ئاڵوزی لە نێوان هەردوو بەرەی گەل و دیکتاتۆریەت روو دەدات و دەگاتە دژایەتیکردن و توندوتیژی (ئانتاگۆنیستی)، هەر دانوستانێک لە نێواندا، لە بازنەی سیاسی دەردەچێت و دەچێتە ناو بازنەی "دوژمنایەتیکردن" لە نێواندا و پەی دەوترێت "سنووری سوور" یان "هێڵی سوور" و بەزاندنیشی بە واتای خۆشدارکردنی ئەم سنوورەیە لە نێوان دوو بەرەی دژ بە یەکدا و بەڕەسمی ناسینی بەرەی بەرامبەر و دانپێدانانی. چونکە "دیاگنۆز" و "دانوستاندن" ڕێگاچارەیەکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەناو بەرەیەکی دیاریکردودا!
کەم هەز و لایەن نەبوون کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئایینی لە ئێران "لیبرالیزم"یان وەک دوژمنی سەرکی پێناسە کردن و یەکسەر کەوتنە ناو داوی "دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی"ەوە دەسەڵات قوتی دان! هەبژاردنی پێچەوانە ئەنجامەکەی پێچەوانە دەبێت و هەندێکجاریش کوشندە دەبێت!
یەکێزبوونی هێزەکان لە بەرەیەکی دیاریکراودا: سەرنج لەسەر دیکتاتۆریەت وەک دژبەری سەرکیی کەمپەگا، تایبەتمەندییەکی بنەڕەتییە کە نابێت لێی لابدرێت. تیشک خستنە سەر جیاوازییە

لاوەکییەکانی ناو بزووتنەوەی دژە دیکتاتۆریەت، ڕێگا بە پراگماتیزم و هەڵپەرستی خۆش دەکات و یەکێتیزبوونی هێزەکانی ناو (بزووتنەوەی گۆڕان) دەکاتە ئامانج و لە هەنگاوی دواتریشدا، بزووتنەوەی دژە دیکتاتۆریەت پێک دەخات و براوەکێشی، دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتە.

پلاتفۆرم و بەرنامە و سیناریۆکان لەم تایبەتمەندییانەوە وەرگیراون. هەر پلاتفۆرمێک بتوانێت خۆی لەگەڵ ڕاستییەکانی کەمەڕگا و خواستی خەڵکدا بگونجێنێت، دەبێتە خاوەن پێگەی جەماوەریی زیاتر و بەو هۆیەوە سەرکەوتوو دەردەچێت. بە تایبەتی ئەگەر "خاوەن پلاتفۆرم" لە ناو جەماوەردا لاگری و خۆشویستیی متمانەپێکراوی دروست کردبێت و شایستەی بێت. ئازادی، دابینکردنی مافەکان، یەکسانی و فرەیی و سێکۆلاریزم و تەنانەت جۆری سیستەمی حوکمڕانیش لەم تایبەتمەندییەوە وەرگیراوە.

یەکپارچەیی خاکی: باوەڕمەندبوون بە یەکپارچەیی خاکی وڵات، تایبەتمەندییەکیتری ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەتە لە ئێران، کە یەکێکە لە فاکتەرەکانی یەکگرتوویی نەوان بزووتنەوەی گۆڕ. لادان و دوورکەوتنەوە لەی، بەسوودی دیکتاتۆریەتە و دەبێتە هۆی ڕژانی خوێنی زیاتر لە جەستەی خەڵکی ئێران. هێزێک دەتوانێت لە گەڵپانی خەبات و شۆڕشدا بمێنێتەوە کە پابەند بێت بەم یاسایانە!

کەماری و دیموکراتیک: تا ئێستا سیستەمی "کەماری" و "دیموکراتیک" لە وڵاتێکی وەک ئێراندا لەسەر کار نەبووە. سیستەمی "پاشایەتی" یان "ویلایەتی فەقیهی" لە ئێراندا بە ئەزموون کراوە و لایەنگرانی خەڵکەوە بە نەفرەتکراوە و ڕەت کراوەتەوە. چونکە لە بنەڕەتدا "دیکتاتۆریەت" و "دژە دیموکراسی"ن. هەربۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکان کە دەتوانێت خەبات پێش بخات و "گەرەنتی پشکەوتن" بدات، پابەندبوونە بە سیستەمی "کەماری" و "دیموکراتیک". چونکە دەتوانێت هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران، لە "ئامانجی هاوبەش"ەوە بۆ "خەباتی هاوبەش" ڕێنمایی بکات و بۆی ئەم تایبەتمەندییە بدات و پێشی بخات.

جیاکردنەوەی ئایین لە حکومەت: ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئایینی لە ئێران، یەکێکە لە ئاڵۆزترین ڕووبەڕووبوونەوەکانی ناو مێژوو. چونکە لایەنی زاڵی ئەمجۆرە دیکتاتۆریەتە لە ژێر ناوی "ئایین"دایە، کە لە مێژوودا دەگمەن یان ناوازەیە. بە تایبەت لە خاکێکدا کە ئایین پێکەری کەمەگای گرتووەتەوە و دیکتاتۆریەت پەنای بە خراپ بەکارهێنانی بردووە. ئابە ئەوە لەبیر بکرێت کە "نکۆیکردن لە ئایین" و دوژمنایەتیکردنی، لە وڵاتێکی وەک ئێران، وەک یاریکردنە لەسەر زەمینی دیکتاتۆریەتدا و براوەی یەکەمیشی، دەسەڵاتی

دیکتاتۆرییەتە. بۆیە نابێ گومان لێوەدا هەبێت کە ئاماژەگری بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆرییەتی ئایینی، نەک بە واتای نکۆلیکردنی ئایین نییە، بەڵکو "باوەڕمەندبوونێ بە جیاکردنەوەی ئایین لە حکومەت"!

وریابوونەکی پێویست بۆرانبەر بە هەڕەشەکردنەکان!

وریایی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە لە خەبات و شەڕشدا. چونکە خەبات و شەڕش و کۆماری و دیموکراسی و مافەکانی گەل, هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانەوە "هەڕەشەیان لەسەرە". زۆرێک "هەڕەشەی سوور"، "ئاوەزی دابە بکرێت" و "ئاوەزی نابە بکریت" لە ناخی ئەم وریاییەدایە. گرینگینەدان بە وریایی دەتوانێت چارەنووسەکان بگۆڕێت.

ئاوەزی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، تەنیا بەشەکە لە تایبەتمەندییەکانی خەباتێکی سەرکەوتوو لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران، کە ئێگەر لە راپەڕینی ساڵی رابردوودا پێیەوە کرابا، بە دڵنیاییەوە دەستکەوت و دەرئەنجامەکانیشی زۆر جیاواز دەبوون.

کەنەپەرەستی و کۆلۆنیالیزم هەمیشە لە هاوڕێی ئاوەزدان کە ڕێگە نادەن بە دیلی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا جێگەی ڕاستەقینە و پراکتیکی خۆی بدۆزێتەوە. بە تایبەت کە هەمیشە ململانێیەکی نایەکسان لە نێوان بەرەی گەل و بەرەی دیکتاتۆرییەت لە ئارادا بووە. گوشراوەی مێژووی ئێران لێوەدا کورت دەکرێتەوە کە راپەڕینی خەڵکی ئێران لە ڕۆژە چارەنووسسازەکانی خۆی نزیک دەبێتەوە.

بیروڕای گشتی جیهان سەبارەت بە ئێران!

لەو بەیاننامانەی لەم دواییانەدا و بە پشتیوانیکردنی نوودووەتی لە راپەڕینی خەڵکی ئێران و پلاتفۆرمی خانمی مریەم ڕەجەوی و لە گردبوونەوەی ئەمسالی موقاومەتی ئێراندا بە گشتی و لە ئاستی "زۆرینەی پەرلەمانی" لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی جیهاندا ڕاگەیاندراوە، جەخت کراوە کە: "ئەمە لەڕادا گرینگی مافی چارەی خەنووسینی گەل بیردەخەینەوە. واتا مافی خەڵکی ئێرانە ئایندەی خۆیان دیاری بکەن. ئەمە خەمان بە بەشدار دەزانین لەگەڵ خەڵکی ئێران و پشتیوانیانین لە بەهاکانی کۆماریخوازی، وەک : هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادیی گردبوونەوە و ڕادەربڕین، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسەدارەدان، یەکسانی ڕەگەزی، جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، مافی خودموختاری بە کۆمایەتییە نەتەوەیی و قۆمیەکانی ئێران و ئێرانەکی نائەتەمی، کە لە پلاتفۆرمی ١٠ خاڵی خانمی مریەم ڕەجەوی، سەرەکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێراندا هاتووە.

دواوتە:

بە پێی ئاوانەی سەرەوە، ئێستا کە لە سەروبەندی یەکەمین

ساوەگەیی کوژرانی ژینا ئەمینی و دەستپێکی ڕاپەڕینی ئەدواییەی خەڵکی ئێرانداین، بەر لە هەموو داواکاری و دروشم و بەرژەوەندییەک، دەبێ "ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئایینی" و "دوورکەوتنەوە لە هەر شتێک کە سوودی بە ئیمە هەبێت" لە سەرووی بەرنامەی کاری هەڵە جەماوەری و دیمەکراتیەکاندا بێت. خواست و دروشمێک کە خەڵکی ئێران یەکگرتووتر و نەخشە ڕێگای داهاتوو ڕوونتر و بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی گەل نزیکتر بکاتەوە. لەو ڕووەوەدایە کە هەمووان لە ئاست بزووتنەوە و ڕاپەڕین خەیان بە وریا و بە بەرپرس دەزانن و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران دەخەنە پشتەوەی بەرژەوەندییە بەرتەسک و ناوچەییەکانەوە.
بەرخەدانی ئێران و ئینجوومانی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران بە "سەربەخۆیی" و "خەبات لە پێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت" ناسراون و هەرگیز خەیان لە لانداوە و لە پێناویدا تێچوویەکی گەورە و زەریان پێشکەش کردووە و لەسەری جێددی و پابەندن و بەردەوام لە گەڕانکەدان بە ئەستایشەوە!

کەتایی

عەشق لە گەردوونکی تر.. ناڵە حەسەن

١

من لەمەودوا لەنەو بەهاری ژنکان دەمە دەڕ
خەم بە پایزی پەپوولکان دەسپەرم
چیتر نابم بە ستیانە سوورکەی ئەستێرکان و
بە چارگە ڕەشکەی هەور و
بە ژێرکراسە شینکەی دەریا
موخابن / کە ناتوانم
نیگارە نەخشینکانی عەشق بخوێنمەوە
کتێبە پیرۆزکەی عەشقیش
لە نەو دەلاقە زێڕینیکەی زەمانکی تر و
ژیانکی تر و گەردوونکی تر

٢
کاتژمێر چەندی مردنێ ئەی مرۆڤ
تۆ لە کوێی هاوکێشە خوێناوییەکانی
جەنگەکان و زیندانەکان و شتبوونەکان / وەستاوی
لەنێو کام جەنگستانە تاریکەکانی
ئاینەکان و ئایدیۆلۆژییەکان و
ئەفسانەی خوداکان خەت حەشرداوە
بەکام میلادی سەرنادایی خەت فەرە سەما کردووە
بە شەرابی شیلەی کام گوڵ خەت مەست کردووە
تەنوێتی خەتت بەکام کانی عەشق شکاندووە
چ بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە و
چ پەیکەرێکی لە تەز و غوبار و
چ هەشبایەکی ڕەش هەشی ئەی مرۆڤ
جگە لە قامچی دەستی جەلادەکان و
فانەسە شووشە شکاوەکەی نێو زیندانەکان هیچی تر نیت
نەفرەت لەخەت و
لەو تابلۆیە ئەبستراکتییە بە ڕەنگەی بە عەشقت کەشاوە
موخابن لەم گەردوونە عەشق بەتە چیەکەکی
پڕ لە درەی شاخدار و وەهمکی گوڕ و خڕتاوکی هەنەها تووە
٣
من لەسەر پشتی خاخاکەیکی دەشکاو هاکشاوم
تا دە خوێنکانم بچووک و بچووکتر دەبنەوە و
لە نێو ئومێدە ئاتەشییە ئەسمەرییەکانیش وندەبم
وندەبم و لەنیو خەیاڵ و لەنێو بینینەکانی
باڵندەکان و درەختەکان و باخچەکان هەشدەبمەوە
ئەستا / من بووەتە ئایەتێک لە خڕئاوابوون
ئەوارەیەک پڕ لە جەوانی و
هەمبانەیەک پڕ لە هیوای هەناسساردی و
نەوەسەکی نامەی ناموراد و نیگارێک پڕ لە نائومێدی
ئەی خاخاکە خوماریی خەیاڵ خامۆشکە
خەم بەئاز هەنگینەکانی تە سپاردووە
تا بێت دەکرێ
هەر بێ و هەر بێ و هەر بێ
لەم گەردوونە گرمەی گومانەویی
بێ دەرەوە
نامەوێت ببم بە هوونەکی و خەم بخزێنمە
نێو کەوانە تاریکەکانی چاوەکان و نیگاکان

یان ببم بۆ مانگێ شەوێکی فێنک و
عاشقەکان بەسەر سینگما هاتوچێ بکەن
خواپێداوەکانیش بمکەن بۆ پاسەوانی بەردەرگای
کەشک و سەرا و مەیگەڵی نێو شەوێ سوورێ سەزانییەکانیان
یان ببم بۆ نەرمێ بارانێکی هووت هووت
بۆنەو مەمکەڵەکانی خاکدا بچمێ خوارەوێ
ئەی خاخاڵەکێ چاو بێ فرمێسک و نیگا خوێناوییەکێ
تا خەیاڵ بێ دەکا هەر بڵێ
هەر بڵێ و هەر بڵێ و هەر بڵێ
دوورم خەرەوێ
دوور دوور دوور دوور
موخابن / لێم گەردوونێ گرمەڵە گومانەییە
عەشق مەڵەتکەیەک بوو بێ مردوویی لێ دایک بوو …!

ئابی ۲۰۲۳

بەخشندەیی.. شیعری: ستار ئەحمەد

لەتوانەوەی بەفرا
وردو خاش دەبم
یادی تۆ لێکم دەترازێنێ
کەبزەی رووت دەمخاتە باڵ
ئیتر چوون منا
دوای سەرابی باڵات دەکەوم
شەوانم دەبن بەخەون و
تارمایی سێبەرت
بەتاریکی دامدەپۆشێ
هێدی هێدی شیدەبمەوە
لەبنمیچی ژووەرەکەما
دەبم بەشێ
لەرەحی خەما ون دەبم

لەجەستەیەکی سووتاوا
لەچاوەڕوانی دەئامم
تروسکەیەك بەدی بکەم
دەڵم خودایە .. تۆ بۆی ئەو بێ
لەوەتەی جگەرم
بێ دووریت گێ دەگرێ
هەروا وشەی باڵ گرتوومە
بەرەو گومەزی چاوانت
بەتاسەوە هەڵدەفڕێ
من ئەشکم
لەچاوتا سەوز دەبم
من شکۆی ئەوینم
بێ لوتکەی ژوانت بەرز دەبم
وەرە لام مەتۆرێ
کەی جەستە لەرۆحی رادەکا
گیان بێ دێ دەژاکێ
تیلە دیدە جێناهێڵێ
سینە لەهەناسە دانابڕێ
تۆ ترپەی هەناومی
تەمەنم بێ لاوی دەفڕێنی
تۆ تینی هەنگاومی
بەعەشقت دەمژێنی
مەڕێ دێ
لەبێتەی مردنا مەنوێنە
عەشق پاکی و لێبوردنە

ستار ئەحمەد